# هێشتا ئەوروپا ئەردۆغانی ناچار بەگۆڕان نەکردووە بەرامبەر کورد

**محمد حسين**
MIHAMAD_79@yahoo.com

زۆربەمان بڕوامان وابو بەهێزبونی ئومێدی تورکیا بەبون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپا  ناچاری کرانەوەوگۆڕانی ئەکات بەرامبەر کێشەی کورد . یان لانی کەم گۆڕان و ڕیفۆرمێك کەبە پێویست تورکیا دەبێت دەستی پیٚ بکات بەرامبەر کێشەی کورد لەو وڵاتەدا , هەنگاوە عەمەلیەکانی ئەم ڕیفۆرمەش لەو ڕۆژەوەی کەتورکیا پاڵێورا بۆدانوستاندن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بۆمەسەلەی بون بەئەندام چاوەڕیٚ بوین  دەست پیٚ بکات.

. شەوی25لەسەر 26 ی ئەم مانگە لەبەرنامەی (( حوارالمفتوح ))ی کەناڵی ئاسمانی جەزیرەدا میوانداری سەرۆك وەزیرانی تورکیا (( ڕەجەب تەیب ئەردۆغان )) کرابو .میوانێکی بەرنامەکە  پرسیاری ئەوتەنازولانەی لێکرد کەدەبێت تورکیا لەبەرامبەرکێشەی کرود و وقوبرس بیدات بۆڕازیکردنی ئەوروپیەکان . کەئەمە تەنها خاڵ بو کێشەی کوردی تیا باسکرا ,  پێشکەشکەری بەرنامە وەك ئەوەی لەئەستێرەیەکی ترەوەهاتبێت وهیچ ئاگایەکی لەگۆڕەپانی سیاسی تورکیا وئەوقورساییەی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا هەیەتی‌نەبێت . یان مەرجێکی  پێشوەختی سەرۆك وەزیران خۆی بێت  کەنابێت ئەم کێشەیە بیر بخرێتەوە لەبەرنامەکەدا , جگەلە پرسیاری ئەو میوانە فەلەستینیەتاکۆتای بەرنامەکە کێشەی کورد بیرنەخرایەوە , بەلاٚم سەرۆك وەزیران وەلاٚمێکی چاوەڕوان نەکراوی ئەو پرسیارەی دایەوە . وەلاٚمێك کەدەرکەوت گۆڕانکاریەکان هیچ کاریان لیٚ نەکردووەو هەڵوێستیان بەرامبەرکێشەی کورد نەگۆڕیوە . هەرلەسەرەتاوە سەرۆك وەزیران ئەوەی ڕەتکردەوە دان بەوشەی تەنازولدا بنێت , دواجار زۆربیٚ باکانەوتی (( لەتورکیادا 72ملیۆن خەڵك دەژین هەموی گەلی تورکن , ئێمە ڕێگەنادەین بەبونی نەتەوە بەوجۆرەی لەعیراقدا هەیە ))ئەم وەلاٚمە هەرهەمان نکوڵی کردنە کۆنەکەی کەمالیەکانە لەبونی نەتەوەی کورد وەکو میلەتێك کەلەمستەفا کەمالەوە دەستی پێکردووەو تائەمڕۆش بەردەوامە , بەلاٚم ئایا بەبەردەوامی ئەم عەقڵیەتەوە تورکیا ئەچێتە دانوستاندنی یەکێتی ئەوروپاوە ؟ یان ئایا ئەم لێدوانەی ئەردۆغان دواخستنی گۆڕانێکە لەهەلوێستەکەدا کەبە پێویست دەبێت ڕوبدات . لایەنی تورکی لەساڵی داهاتووەوە دەچێتە ناو دانوستاندنەکەوە , پێم وایە دەسکەوتی ئابوری وگەشەکردنی بازاڕەکانی تورکیاو سەرکەوتنی حکومەتەکەی ئەردۆغان لەزیاتر مسۆگەرکردنی بون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپیدا والەحکومەت ئەکات بتوانێت هەنگاوی ڕیفۆرمیستانە بنێت بەرامبەر کێشەی کورد بەبیٚترسان لەسزای جەماوەری شەقامی تورکیا کەبە( شۆڤێنیەت بەرامبەر کێشەی کورد ناسراون ) ودواجار وەکو ئەمری واقع قبوڵی‌دە کەن , چونکە کرانەوە بۆچارەسەری کێشەی کورد هێندەی دەرگالەخۆداخستن بۆیەکێتی ئەوروپا ناڕەحەت نیە لای تورکەکان . ئەمە لەکاتێکدا دەبێت کورد کەلایەنەکەی تری هاوکێشەکەیە خۆی ئامادە باش کردبێت بۆیاری کردن بەهەمو وەرەقەکان وزۆرپێویستە هەرلەئەمڕۆوە هەرچی توانایەك هەیە  بخرێتە گەڕ بۆئەوەی چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کورد بکرێتە سەنگی مەحەك کەتورکیا لێیەوە بتوانێت بە پێوەرەکانی کۆپن هاگندا تێپەڕێت .ئەمەش هەوڵی زۆری ئەوێت بۆئەوەی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بکرێتە خاڵێکی گرنگی ئەو چاکسازیەی کەهێشتا تورکیا ئەوروپیەکانی پیٚ ڕازی نەکردووە , ئەمەش خەبات وتێکۆشانێکی گرنگی پێویستە .

سەرۆك وەزیران کەداوای یەکتر قبوڵکردن ویەکتر خۆشویستنی ئەکرد لەعیراقیەکان بەم جۆرە چاو لەکێشەی گەلێکی 20 ملیۆن کەسی دەنوقێنێت , ئەمە ئاماژەیەکە بۆئەو ڕاستیەی  کێشەی کورد نەگەیشتۆتەئەوڕادەیەی  تورکیا نەتوانێت نکوڵی لێبکات . یان هێشتا نەکراوەتە خاڵێك لای ئەو ئەوروپیانەی وەکو فەرەنسا بەبەدگومانیەوەسەیری تورکیا ئەکەن .زۆربەبەسودە  چالاکیە جەماوەریەکانی ئەم دواییەی کوردەکانی شارە ئەوروپیەکان و چالاکی تری لەو جۆرە  زۆربکرێت وگەشەی پێبدرێت کەگرنگترین پشتیوانی چالاکی دبلۆماسی هێزە سیاسیەکان ئەبێت بۆئیشکردن لەسەر کێشەکەو ناچار کردنی تورکیا بۆئەوەی واز لەو گومڕاییەی خۆی بێنێت .ئەم لێدوانانەی ئەردۆغان دەری خست فاکتەری بون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپیدا فاکتەرێکی زۆرجدی نابێت بۆکێشەی کورد , مەگەرکورد بتوانێت زیرەکانە بەکاری بێنێت . باشترین زەمینەی چالاکیەکی وایش بەباوەڕی من ناوجەماوەرو کۆمەڵگا ئەوروپیەکان خۆیانە .